# چالاکی سێ مانگەی دەستەی خورماڵی ئینستییوتی ژیار

١.بەرواری 9 9 2022 دەستەی خورماڵ ئینستتیوتی ژیار هەستابە سازدانی دیدارو کۆبونەوە و چاوپێکەوتن لەگەڵ زۆر بەڕێزو خۆشەویستان دایکانی فێرخوازانی بەڕێز سەرەتا دەست پێکی کۆبونەوەکە لەلایەن مامۆستای بەڕێز موژدە حمەخان بەچەن ئایەتێکی قورانی پیرۆز دەستی پێ کرد پاشان لەلایەن بەرپرسی دەستەوە وتەی بەخێر هاتن پێشکەش کراو وە بەڕێز مامۆستا عدنان نوری چەن وتەیەکی بەنرخی پیشکەش بەئامادەبوان کرد.



٢.بەرواری 12 9 2022 بەشداری کرنی بەشێک لە فێرخوازەگەنجە کانمان لە خێوەتگەی گەنجان کەلە لقی سەرەکی سلێمانی ئێنستیتوتی ژیار سازکرابو سەرتا لەلایەن زۆربەریز دکتوربختیار تالەبانیوە لە نوسینگەی خۆی پێشوازی گەرممان لێ کرا پاشان لە بینای ئینستتیوتی ژیار خاتو گوڵالە چەن وتەیەکی بەنرخی پێشکەش بە ئامادە بوانی خێوەتگەکە کرد.



٣.بەشداری کردنی بەرپرسی دەستە لە خولێکی سێ رۆژی بۆماوەی 20 کاتژمێر لەبینای سەرەکی ئینستیتیوتی ژیار لەسلێمانی بەناو نیشانی چوار پێوەرە زیرەکیەکە بەپێوەری پرۆگرامی پێغەمبەرایەتی بۆ تێگەیشتن لە فیترەتی مرۆڤ  وەچوار بنەما گرنگەکەی جیاوای خێزانی وچارەسەری گرفتەکان.



٤.بەشداریکردنی دەستە لە ئاهەنگی دەرچوونی فێرخوازانی ئەکادیمیای زانستە شەرعیەکانی لقی هەڵەبجە ،بەرواری ٢٠٢٢-٩-٢٢



٥..دەستەی خورماڵی ئینستتیوتی ژیاربە هاوکاری پرۆژەی دڵنیایی ئاهەنگێک ئەنجام دەدەن. ڕۆژی هەینی ٢٣ / ٩ / ٢٠٢٢  دەستەی خورماڵی ئینستتیوتی ژیار بە هاوکاری پرۆژەی دڵنیایی ئاهەنگێکی شایستەی تایبەتی ئەنجام دا تایبەت بەوانەی بەشداری تاقی کردنەوەیان لە ژیانی (دواین پێغەمبەر محمد .ص )ئەنجام دابوو . سەرەتای ئاهەنگەکە بەچەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز دەستی پێ کرد لەلایەن خوێندکار (هایما مظفر) .پاشان وتەی بەخێر هاتن  لە لایەن بەرپرسی دەستەوە (م .غەریبە محمد)پێش کەش کرا ، وە پاشان وتەیەک لە لایەن نوێنەری پرۆژەکەوە پێشکەش بە ئامادە بوان کرا  وە لە کۆتادا دیاری گونجاو بەخشرایە سەرکەوتوانی پرۆژەکە لە سنوری دەستەدا .

٦.دەستەی خورماڵی ئینستتیوتی ژیار بە هەماهەنگی ڕێکخراوی ڕۆنان کۆڕێک سازدەکەن . ڕۆژی دووشەممە بەرواری ٢٠٢٢/١٠/٣ دەستەی خورماڵی ئینستتیوتی ژیار بە هەماهەنگی ڕێکخراوی ڕۆنان کۆڕێکیان بۆ بەڕێز د.شێرزاد عبدالوهاب سازکرد بە ناونیشانی (بنەماکانی پەروەردەی خێزان)



٧.ڕۆژی چوارشەممە بەرواری ٢٠٢٢/١٠/٥  دەستەی خورماڵی ئینستتیوتی ژیار کۆتایی بە خولی دروومان هێنا کە لەلایەن خاتوو (معصومە عبدالله ) دەوترایەوە و لە (٢٠٢٢/٩/١)بۆ (٢٠٢٢/١٠/٥)بەردەوامی هەبوو. جێی باسە لە کۆتایی خولەکەدا بڕوانامە بە بەشداربوان بەخشراو سوپاسنامەش بەخشرایە مامۆستای خولەکە .



٨.بەرواری 28 10 2022 دەستەی خورماڵ ئاهەنگێکی خنجیلانەی ساز کرد بۆ قۆتابیانی خۆشەویست له ئاهەنگەکەدا خەلاتبەسەر ئەو قوتابیانەدا دابەشکرا کە تاقی کردنەوەی ناوەپیرۆزەکانی خوای گەورەو وەهەروەها لەبەرکردنی جوزئی عەمەیان بۆ کرابوو.



٩.ڕۆژی هەینی بەرواری ٢٠٢٢/١٠/٢١ دەستەی خورماڵی ئینستتیوتی ژیار گەشتێکی بۆ مێرگەپان ئەنجامدا.
جێی باسە گەشتەکە تایبەت بوو بە مامۆستایان و ئەندامان و ئافرەتانی وانەکانی تەجوید و وانەی گشتی، بە

میوانداری زۆر بەڕێز مامۆستا گوڵاڵە ئەندامی دەستەی کارگێڕی ئینستتیوتی ژیار.هەروەها بەشێکی گەشتەکەش تایبەت بوو بە وتار و باسکردنی چەند پرسێکی گرنگ لەلایەن مامۆستا گوڵاڵەوە ، چەند چالاکیەکی تایبەتیش ئەنجامدران .



١٠.ڕۆژی هەینی بەرواری ٢٠٢٢/١١/١١ دەستەی خورماڵی ئینستتیوتی ژیار هەستا بە ئەنجامدانی سیمینارێک بۆ بەڕێز(م سەرکەوت) لەژێر ناونیشانی (چۆنیەتی متمانە دروستکردن) ، جێی باسە بەدرێژایی سیمینارەکە جەخت کرایەوە لەسەر هۆکارەکانی متمانە بەخۆ نەبوون و ڕێگریەکانی بەردەم نەبوونی متمانە لەلایەن خوێندکارانەوەو هەروەها ڕۆڵ و ئەرکی دایک و باوک چیە لەبەرانبەر دروستکردنی متمانە لەلای منداڵەکانی .



١١.بەرواری 24 11 2022 دەستەی ئافرەتانی خورماڵ بەشداریان لە چوارەمین پێشانگای نێو دەوڵەتی سلێمانی کرد .



١٢.بەرواری 30 11 2022 بەشی کۆمەڵایەتی سەردانیەکی بۆ گوندی احمد ئاوا ئەنجامدا بەمەبەستی لەنزیکەوە هەواڵپرسی باوکی بەریز مامۆستا قومریە حمەکریم .



١٣.پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دوشەمە 12 12 2022 دەستەی خورمال بەشداری پانێلی پرسەکانی خێزانیان کرد کەلەلایەن لقی هەلبجەی ئینستتیوتی ژیارو دەستەی خانمان بۆ هەردوو بەرێزان دکتۆر (خالد محمد صالح و دکتۆر عثمان حمەغریب )سازکرابوو.



١٤.پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەمە 14 12 2022 لەدرێژەی کارو چالاکیدا دەستەی خورماڵ سەردانی مامۆستای زۆر بەڕێز (د.عبالدائم هەورامانی) یان کرد لەڕێکخرای تاج العارفین بەمەبەستی پیرۆزبایی دەستەبکاربوونیان وەک سەرۆک بەشی بنەماکانی ئاین /زانکۆی هەڵەبجە .هەروەها لەسەردانەکەدا باس لە کارو چالاکی دەستەو ڕۆڵی ئافرەت لە دینی ئیسلامی پیرۆزدا کرا.




١٥. بەردەوامی وانەی هەفتانەی زانستی تەجوید و هەروەها دەرسی گشتی کە لەلایەن زۆر بەڕێزان (م .جلیل وم عدنان نوری) یەوە لە ڕۆژانی یەکشەممان و سێشەممان‌دا بۆ ماموستایان وئافرەتان دەوترێنەوە .


